**ئه نجومه‌نی دادوه‌ری**
**ژماره :١٢٢ له ٢٠١٥/٢/٢٣**

## فــه‌رمــان

ئاماژه به بڕیاری ئه‌نجومه‌نی دادوه‌ری ژماره (٧) له ٢٠١٥/٢/١٧وه پشت به نووسراوی په‌رله‌مانی كوردستان ژماره (٥٠١٩/٣/٤) له ٢٠١٤/١٢/٢٨ وه نووسراوی وه‌زاره‌تی ناوخۆ ژماره (٢٣٧٤٦) له ٢٠١٤/١٢/٤ ، وه له‌به‌ر پێویستی ناحیه‌ی باتیفا له سنوری پارێزگای دهۆك به‌كردنه‌وه‌ی دادگا ، وه پشت به حوكمی مادده/١٤ - چواره‌م له یاسای ده‌سه‌ڵاتی دادوه‌ری ژماره (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیاردرا به :-

١- كردنه‌وه‌ی ( احداث ) دادگای به‌رایی (باتیفا) له مه‌ڵبه‌ندی ناحیه‌ی باتیفا.

٢- ئه‌و دادگایه سه‌ر به سه‌رۆكایه‌تی دادگای تێهه‌ڵچوونه‌وه‌ی ناوچه‌ی دهۆك ده‌بێت.

**أحمد عبدالله زبير**
**ســه‌رۆكی ئه نجومه‌نی دادوه‌ری**

---

**وه‌زاره‌تی داد**

## به‌یانی ژماره ( ٣ )ی ساڵی ٢٠١٥

- ئاماژه به‌نوسراوی به‌رێوه‌به‌رایه‌تی گشتی تۆماركردنی خانووبه‌ره ژماره (٦٢٦/٥) له ٢٠١٥/٣/١وه پاڵپشت به مادده‌ی (٣٦) له یاسای تۆماركردنی خانووبه‌ره ژماره (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هه‌مواركراو بڕیارماندا به :-
- ئه‌نجامدانی ( تحرير التمهيدى ) بۆ موڵكی ژماره (٣ ك ١٠٢ كه‌لار) .

**ســنـان چـلبی**
**وه‌زیــری داد**